

## حەمە سەعید حەسەن وەرگری خەڵاتی ئاراس:

# لە هەوڵی ئەوەدام قەڵەم بە هەق دەسەڵاتی چوارەم بێت

**✿ حەمە سەعید حەسەن ناوێکی دیاری بزاڤی رۆشنبیری کوردییە و بەوە ناسراوە کەسێکە هەمیشە رەخنە لە دیاردە دزێوەکانی نێو بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی کوردی دەگرێت و تاقانە قەڵەمی تەنز نووسی کوردە بەو نەفەسە درێژەوە بەردەوامی بە بوارەکەی دابێت و رۆژ لە دوای رۆژ ئەفراندنی تێدا دەکات و خاوەنی دەیان کتێبی دانسقەی ئەدەبی و رەخنەییە و زۆ رجار وتارەکانی حەمە سەعید لە نێو کۆڕی خوێندەواراندا دەستاودەستی پێدەکرێت و لە بەری کۆپی دەکرێتەوە.**

**حەمە سەعید حەسەن وەرگری خەڵاتی ئاراس کە بووەتە پاشکۆی ناوەکەی خۆی شانازی پێوە دەکات چونکە ئەو خەڵاتە بۆ ئەو بەسەرکردنەوەی هەڵوێستە بوێرەکانی بووە مایەی دڵخۆشییە کە دەزگایەکی کوردی بەرهەم و قەڵەمی نووسەری کورد بەو ئاستە بەسەر بکاتەوە لە سەردانێکدا بۆ کوردستان ئەم دیمانەمان لەگەڵ سازدا.**

*** بەر لەوەی بەرهەمێک بڵاو بکەیتەوە هیچ ترسێکت لەدڵدا هەیە؟**

-چونکە قورئان لە هەڕەشە تژییە، موسڵمانان زۆر لە خودا دەترسن ، وەلێ من لە خوداش ناترسم، چونکە هیچ تاوانێکم نەکردووە تا ترسی سزای خوداوەندی دادپەروەرم هەبێت. من کە چیم ویستبێت گوتوومە، باجەکەشیم داوە.

*** کێن ئەوانەی شەیدای بەرهەمەکانی تۆن؟**

– ئەوانەی کە شەیدای ئازادین، کەسانێکن کە خۆیان لە نووسینی مندا دەبیننەوە وا هەست دەکەن بیروڕای ئەوانم بەرجەستە کردووە، تەپوتۆزی سەر یادگارییەکانم سڕیوە و گیانم وەبەر هەست و خولیاکانیدا کردووە. هیچ کام لەوانە وەک وشکە سۆفییەک حیزبایەتی دەکەن، چێژ لە نووسینی من وەرناگرن.

*** چی بوو هانی دایت، ئەو بەراوردە جوانە لە نێوان (شاعیر و ئاسایش) دا بکەیت؟**

-ئاسایشێک بوو کە دەیخواست وەک شاعیر بناسرێت.

*** سیاسەتمەدار لە کوێ تۆ لە کوێی؟**

– ( پیاوێک دەتوانێت سەعاتێک باسی بابەتێکت بۆ بکات کە هیچی لێ نازانێت) بۆیە دەڵێم پیاوێک، چونکە ژن کەمتر خۆی لەو مەسەلانە هەڵدەقورتێنێت کە لێیان نازانێت. سیاسەت لە کن من، بە واقیعکردنی خەونە، کەچی زۆر لە سیاسەتمەدارانی کورد خەون نابینن، داکۆکی لەو واقیعە دەکەن، کە هەیە. سیاسەتمەداری کورد دەبوو ترسی لە (وەستان) هەبووایە، کە چی ترسی لە «گۆڕان» هەیە، بۆیە هێندە بە کاوەخۆ (گەشە) دەکەین.

*** نووسیوتە: «هەوڵی نووسەرانی ئازاد بۆ ئەوە نییە شەڕ هەڵبگیرسێتەوە، لە دژی ئەوانەیە شەڕی ناوخۆیان هەڵگیرساند» کەچی هەندێک کەس ئۆباڵی هەڵگیرساندنی شەڕەکە دەخەنە ئەستۆی نووسەران!**

– دەشێت ئەم شاعیری وابەستە، یان ئەو رۆژنامەنووسی حیزبی، ئاوی بە ئاشی ئەو لایەن ئەو لایەنی شەڕدا کردبێت،بەڵام نووسەران بە گشتی لە دژی شەڕی ناوخۆ بوون. بەزەییم بە قارەمانانی شەڕی ناوخۆدا دێتەوە، بەزەییم بەو شاعیر و رۆژنامەنووسانەدا دێتەوە، کە لاوانی کوردیان بۆ شەڕی نێوخۆ هان دەدا، چونکە سوور دەزانم هەنووکە ویژدانییان ئازاریان دەدا.

*** هەندێک پێیان وایە حەمە سەعید حەسەن نووسەرێکی لە خۆباییە!**

– لە خۆبایی بوون، زادەی هەست بە کەموکووڕی کردنە. من هەنووکەش بە ترس و لەرزەوە دەنووسم، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدام شتی نوێ فێر ببم، زۆر متمانەم بە خۆم نییە و خواخوامە نەکەومە هەڵەوە. هەندێک هەست بەوە ناکەن لە نووسینی مندا لە کوێوە (تەوس) دەستپێدەکات، بۆیە بە لووتبڵندم لە قەڵەم دەدەن.

*** بەردەوام ڕەخنە دەگریت، چارەسەر دەستنیشان ناکەیت !**

– من لە پێناو ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا، ڕەخنەی وێرانکەر دەگرم. لە پێناوی بنیاتنانەوەی سیڤیل سالاریدا، ڕەخنە لە شەڕخوازان و دەژمنانی ئازادی و دیموکراتی دەگرم. لە هەوڵی ئەوەدام قەڵەم بە هەق دەسەڵاتی چوارەم بێت. ■

**دیمانە: هەوار عەبدولرەحمان**